المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص: 244-259
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# ڕێکارەکارگێرییەکان و سیاسەتی بەریتانیا لە دەرکردنی ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی-دا 1917-1919

ڕۆژان سيفور اسكندر

بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: Rozhan.saifur@spu.edu.iq

**پوختە:**

لە میانەی جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕووداو و لێکەوتەکانی، عێراق و باشووری کوردستان کەوتنەبەر داگیرکاری بەریتانیا و بە چەند قۆناغێک و ڕاستەوخۆ ناوچەکەی لەڕووی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتییەوە بەڕێوەدەبرد. لەگەڵ هاتنیشیدا کۆمەڵێک بەڵێنی بە خەڵکی ناوچەکە و بەتایبەت کورد داوە و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ڕای گشتی دەدا. هەروەها بەمەبەستی ڕاکێشانی سۆز و سەرنجی زیاتری کوردەکان و بڵاوکردنەوەی کاروچالاکییەکانی خۆی، بەریتانیا دەستی دایە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی لە بەغداد کە ئەویش تێگەیشتنی ڕاستییە .

ئەم توێژینەوەیە، لێکۆڵینەوە دەکات لە چەندین بەڵگەنامە کە لە دۆسیەیەکدا ڕێکخراون وپلان و ڕێکار و سیاسەتەکانی بەریتانیا لە دەرکردنی ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەڵگەنامانەدا دەخاتەڕوو. بۆ ئەو مەبەستەش ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لەڕێی ڕانان و شیکاری ئەو بەڵگەنامانەوە و سەرەڕای بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی شیکاریی و بەسودوەرگرتنیش لە میتۆدی مێژوویی لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەیی- کتێبخانەییدا ڕێکار و ئامانج و سیاسەتەکانی بەریتانیا بەرامبەر باشوری کوردستان لە نێوان ساڵانی (١٩١٧-١٩١٩)دا بخاتەڕوو.

**کلیلە وشەکان:** باشوور ی کوردستان ، ڕۆژنامەگەریی کوردی، سیاسەتی بەریتانیا، ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی

**الملخص:**

خلال الحرب العالمية الأولى و أحداثها و تبعاتها، احتلت بريطانيا العراق وجنوب كوردستان و أدارت المنطقة من النواحي السياسية والعسكرية والإجتماعية بصورة مباشرة وبعدة مراحل. ومع مجيئها أعطت بعض الوعود لأهالي المنطقة و خاصة الكورد وأرادت السيطرة على الرأي العام. وبناء عليه ومن أجل إستعطاف الكورد وجلب أنظارهم ونشر نشاطاتها، بادرت بريطانيا باصدار صحيفة باللغة الكوردية في بغداد وهي صحيفة (تيكةشتني راستي – فهم الحقيقة).

و تحاول هذه الدراسة أن تحقق في مجموعة من الوثائق المنظمة في ملف وتوضح خطة واجراء وسياسة بريطانيا في إصدار صحيفة (تيكةشتني راستي). و لهذا الغرض فان الدراسة تحاول تحليل وشرح هذه الوثائق بالاعتماد على المنهج الوصفي التحليلي وبالاستفادة من المنهج التاريخي في إطار الدارسة (التوثيقية – المكتبية)، تعرض الدراسة اجراءات وهدف وسياسة بريطانيا تجاه جنوب كوردستان خلال السنوات (١٩١٧-١٩١٩).

**الكلمات المفتاحية:** جنوب كوردستان، الصحافة الكوردية، سياسة بريطانيا، صحيفة (تيكةشتني راستي)

**Abstract:**

During the First World War Southern Kurdistan and Iraq were invaded by Britain; hence, Britain governed the area socially, politically and militarily. In the beginning of their invasion, they promised people of the region, including the Kurds, and tried to control the public opinion. In order to attract the attention of the Kurdish people and to spread their words, the British administration issued a Kurdish newspaper in Bagdad. This research aims to study some documents and hereby find out the British plan and policy behind issuing the newspaper in the light of those documents. To achieve its objective, this research reviews those documents by employing a descriptive analysis method. It also

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.12

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

wants to show the British objective, procedure and policy between the years 1917-1919 by using a historical method of analysis.

**Keywords:** southern Kurdistan, Kurdish Journalism, British Policy, Tegayshtni Rasti.

**پێشەکی**

هێزە سیاسییە جیاوازەکان لە وڵاتان و ناوچەکانی ژێردەستیان نەک هەر لەڕووی چۆنیەتی کاریانەوە و دەستێوەردانیان لە بەڕێوەبردنیان شیاوی گرنگیپێدان و لێکۆڵینەوەن، بەڵکوو لەڕووی لێکۆڵینەوە لە جۆری سیاسەتیشیان لەسەر ئەو ناوچانەی حوکمیان دەکەن و رادەی دەستێوەردانیان و کاریگەرییان لە کاروباری رۆشنبیری و کولتوور، هەوەها هۆکاری ئەو کاریگەریانەش شیاوی لێتوێژینەوەن. مێژووش بە بوونی مرۆڤ و چالاکیەکانی دروست دەبێت و بنچینەی مێژووش بریتیە لە بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتەکان، زانین و زانیاریش لەسەر ئەو رووداوانەی لە رابردوودا روویان داوە بۆ مرۆڤ جێگەی تێڕامان و سەرنجە. بەڵگەنامە مێژووییەکان بەشێکن لە ئەرشیف و بە گرنگترین سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە لە مێژووی گەلان دادەنرێن، ئەم بەڵگەنامانە دەشێت لە دووتوێی نامەیەک، یاداشت و بروسکەی نێوان سوڵتانەکان، وڵاتان و دامودەزگا فەرمی و نافەرمیەکاندا بێت. هەروەها ئەم بەڵگەنامانە کۆمەڵێک بابەت وەک بابەتە مێژوویی، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابورییەکان لەخۆدەگرێت (قائمقامی, ١٣٥٠, لاپەڕە ٥). ئەو بەڵگەنامانەش کە تایبەتن بە بابەتی رۆژانە و کارگێڕی بایەخیان زیاترە، چونکە بەرهەمی چالاکییە کارگێڕییەکانی ئەو دامەزراوەیەن کە کاروباری رۆژانەی تێدا رەنگداوەتەوە و هیچ ناڕاستییەکی تێدا نییە(هەمان، ل ٦). بۆیە بە خستنە بەرلێتوێژینەوەیان، زۆرێک لە بابەتە شاراوەکان لە بوارە جیاوازەکانی وەک کولتوور، شارستانیەت و روداوە راستەقینە و نەناسراوەکانی گەلێک لە مێژوودا روونده‌بێتەوە.

هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەوە هەموو دەوڵەتە گەورەکان وەک بەریتانیا و رووسیا و ئەڵمانیا و ... بایەخی زۆریان بە کوردستان دەدا، چونکە شوێنێکی ستراتیژی و ناوەندی هەبوو لە ناوچەکەدا. بۆیە هەموو لایەنەکان بێجیاوازی هەوڵیاندەدا بۆ بەکارهێنانی بزوتنەوە نیشتمانییەکانی کورد تەنها بۆ ئاسانکاری سیاسەتە فراوانخوازییە داگیرکارییەکانیان نەک بۆ بەرجەستەکردنی خەونەکانیان کە بریتی بوو لە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ (م.س.لازاریف, ٢٠١٠, لاپەڕە ٣١٩). بە داڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا هەلی سەربەخۆیی بۆ نەتەوەکانی تر جگە لە تورک رەخسا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، لەگەڵ ئەوەشدا روخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و شۆڕش لە پێناو مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوەکانی بەشێوازێکی دژوار و ئاڵۆزدا دەگوزەرا. ئامانجەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکانیش لەم کێشەیەدا زۆر جیاواز و پێچەوانە بوو، وڵاتە گەورەکانیش(بەریتانیا و فەڕەنسا) هەوڵیان دەستبەسەرداگرتنی دەسکەوت و موڵکەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، کە بایەخێکی ئابووری و ستراتیژی و سەربازی بوون بەتایبەت لەو ناوچانەی کە نەتەوەکانی کورد و عەرەب تیایدا دەژیان(هەمان). لەم نێوەندەدا کورد لە سەدەکانی رابردوودا یان رووبەڕووی داگیرکەران بوونەتەوە یان سازشیان لەگەڵ کردوون ئەویش بە وەرگرتنی هەندێک ئیمتیاز لە بەرژەوەندی خەڵک و خاکەکەیان. هەڵبەت ئەم داگیرکارییەش نەیتوانیوە هەموو کوردستان بگرێتەوە چونکە بۆ ئیمپراتۆرییەکانی ئەو سەردەمە قورس بووە کە بە تەواوەتی ناوچە کوردییەکان داگیر بکەن. لەوبارەیەوە مارتین ڤان برونسان رۆژهەڵاتناس و کوردناسی هۆڵەندی دەڵێت: بێوێنەیی کوردستان و توانا جەنگییە توندەکانی دانیشتوانەکەی، هەمیشە کردوویەتی بە سنورێکی ئاسایی ئەو ئیمپراتۆرییەتانەی لە چواردەوریدا دروست بوون. هیچ یەک لەم ئیمپراتۆریانە نەیانتوانیوە لە زیاتر لە بەشێک لە کوردستان حوکم بکەن. لەبەرئەوە هەوڵ بۆ داگیرکردنی کوردستان و دانیشتوانەکەی هەرگیز بۆ بێگانەکان ئاسان نەبووە (Arikanli, p. 8). بۆیە بەشێوازی جیاجیا و هەریەک لە سوچێکەوە کە گوایە بەدیهێنەری خواستەکانی گەلی کوردن هاتونەتە کوردستان و کاریان لە کوردەکان کردووە و توانیویانە بمێننەوە. یەکێک لەو وڵاتانەی کە هاتووەتە کوردستان و مژدەی سەربەخۆیی و ژیانێکی ئارامی بۆ کوردەکان هێنا بەریتانیا بوو کە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم و لە میانەی جەنگی یەکەمی جیهانی دوای ئەوەی هێزەکانی لە ساڵی ١٩١٧ بە تەواوی بەغدایان گرت و توانیان عوسمانیەکان ناچار بە پاشەکشێ بکەن (کریم، 2009، صفحة ٢٩). لەگەڵ چوونە ناو بەغدایان ژەنەڕاڵ موود فەرماندەی هێزەکانی بەریتانیا لێدوانە بەناوبانگەکەی خۆی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە:"هێزەکانی بەریتانیا نەهاتوونەتە ناو خاکی عێراق وەک داگیرکەر یان دوژمن بەڵکوو وەک رزگارکەر هاتوون" (الحسنی, ٢٠٠٨, لاپەڕە ٤٢). هەرچەندە ئەمە یەکەمجار نەبوو کوردەکان بەڵێنی رزگارکردنیان پی بدرێت، ئەوەتا بەرلەمەش روسیا بەڵێنی داوە بە شێوەیەکی فەرمی پشتیوانی لە خواستی گەلی کورد بکات و ئۆتۆنۆمیان بۆ دەستەبەر بکات (بورکای, ٢٠٠٨, لاپەڕە ٥٥١).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

پاش ماوەیەکی کەم لە داگیرکردنی بەغدا بەریتانیا دەستیان کرد بە ناردنی ژمارەیەک لە ئەفسەرانی چالاکیان بۆ کوردستان کە بەباشی راهێنرابوون، یان پێش جەنگ لە کوردستان ژیابوون. ئەوەش بەمەبەستی پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ کورد. مێجەرسۆن یەکێک بوو لەو ئەفسەرانەی کە چەندین جار لە کاتی شەڕدا سەردانی ناوچە کوردییەکانی کردبوو. کاتێکیش سلێمانی بەتەواوی لەژێر چنگی عوسمانی دەرچوو. سیاسەتی ئەو رۆژەی بەریتانیا وای دەخواست کە حکومەتێکی کوردی هەبێت. بەریتانیاەکانیش هەر شارێکیان داگیربکردایە حاکمێکی سیاسیان بۆ دادەنا و لەلایەن دانیشتوانی ئەو شارەوە پێشوازییان لێدەکرا بەوهیوایەی وەک داگیرکەران بەڵێنیان دابوو ئازادی و خۆشبەختی بەدەست بێنن (کریم, 2009, لاپەڕە ٣٠). بۆ ئەو مەبەستە کە زانیان شێخ مەحمود کەسێکی لێهاتووە بۆ ئەو کارە یارمەتیان دا و لە تشرینی دووەمی ١٩١٨ مێجەر نوئێل (حاکمی سیاسی ئەو کاتەی کەرکوک) بە قسەی وێڵسن حاکمی گشتیی عێراق لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا لەگەڵ سەرۆک عەشیرەت و پیاوماقووڵانی سلێمانی شێخ مەحمودی کردە "حوکمداری کوردستان" و سلێمانی بووە ناوچەیەکی سیاسی کورد (سەجادی, ١٩٩٦, لاپەڕە ٥٥). لەگەڵ ئەو بەڵێنانەی بەریتانیا و بەر لە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە سلێمانی، بەمەبەستی راکێشانی سۆز و سەرنجی زیاتری کوردەکان و بڵاوکردنەوەی کاروچالاکییەکانی خۆی، بەریتانیا دەستی دایە دەرکردنی رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی بە زمانی کوردی لە بەغداد. لەو روانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە لە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم دەکۆڵێتەوە کە باسی دەرکردنی ئەو رۆژنامەیە دەکەن.

**کێشە و پرسیاری توێژینەوە**

توێژینەوەکە هەوڵدەدات تیشک بخاتەسەر ئەو هەوڵانەی کە دراون لە لایەن دەسەڵاتی بەریتانیاوە بۆ دەرکردنی رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی ، ئەوەش لەڕێگەی شیکاریی چەندین بەڵگەنامەی ئەو سەردەمەوە. بۆ ئەو مەبەستەش ئەم پرسیارانە دێنە ئاراوە:

1. ئامانجی بەریتانیا لە دەرکردنی رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی چی بوو؟
2. گرنگیدانی بەریتانیا چی بووە بۆ بڵاوکردنەوەی رۆژنامە بە زمانی کوردی؟
3. بڵاوکردنەوەی رۆژنامە بە زمانی کوردی چ سودێکی بۆ بەریتانیا تێدابووە؟
4. چۆنیەتی دەرکردنی رۆژنامەکە؟

**میتۆدی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا سەرەڕای بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی شیکاریی، لە هەندێ جێگەشدا سوود لە میتۆدی مێژوویی لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەیی- کتێبخانەیی وەرگیراوە. ئەوەش بە گەڕانەوە بۆ بەڵگەنامە مێژووییەکان و لە لایەکیتریشەوە بە سودوەرگرتن لە کتێب و سەرچاوە زانستییەکان، شیکاری چەندین بەڵگەنامە لەبارەی دەرکردنی رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی کراوە.

**سنوری توێژینەوە**

لە رووی کاتەوە (١٩١٧-١٩١٩)، لە رووی ناوەڕۆکەوە (سیاسەتی میدیایی بەریتانیا لە دەرکردنی رۆژنامەیەکی کوردی)، کە پشت بەستراوە بە شیکردنەوەی دۆسیەیەکی بەڵگەنامەیی کە نزیکەی(٥٠)بەڵگەنامە لەخۆدەگرێت کە تیایدا ناساندنێکی گشتی بۆ سەرجەم بەڵگەنامەکان کراوە، لەنێو ئەمانەشدا (١٠) بەڵگەنامەی سەرەکی دەرهێنراون شیکار و شرۆڤە کراون و جەختیان لەسەر کراوەتەوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە. چونکە بەڵگەنامەکانیتر لە چوارچێوەی خولاوی کارگێری خۆیدا دووبارە بووەوەن بۆیە بە پێویست نەزانراوە شیکردنەوەی وردیان بۆ بکرێت.

**گرنگی توێژینەوەکە**

بەخوێندنەوەی بەڵگەنامەکان، لە ناویاندا زانیاریی شاراوە ئاشکرا دەبن کە لەناو سەرچاوەکانی تردا بەگشتی بەرچاوناکەون و ئەوەشی کە زیاتر لە هەر شتێکیتر دەتوانێت چۆنیەتی دەرچوون و هۆکاری دەرچواندنی رۆژنامەیەکی کوردی لە لایەن بەریتانیاوە روون بکاتەوە، باسکردن و لێکۆڵینەوەیە لە بەڵگە و دۆکیۆمێنتە مێژووییەکان. بۆیە ئەم توێژینەوەیە لە ژێر رۆشنایی خوێندنەوە و شیکاری ژمارەیەک بەڵگەنامەدا لە سیاسەتی بەریتانیا لە رۆژنامەوانیی کوردی و دەرکردنی رۆژنامەیەک بە زمانی کوردی لە ژێر حوکمی بەریتانیادا، دەکۆڵێتەوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**توێژینەوەکانی پێشوو**

بەگشتی چەندین کتێب و لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی رۆژنامەوانیی کوردی لەسەرەتاوە تا سەدەی بیست و یەک ئامادەکراون. ئەمین زەکی یەکەم کەسە کە بەشێوەیەکی بیبلۆگرافی بە کورتی باسی سەرەتاکانی رۆژنامەگەریی کوردی کردووە، دوای ئەویش عەلادین سەجادی لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا باسی رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی کردووە. چەندین نوسەری بیانی و عەرەبیش باسی رۆژنامەگەری کوردیان کردووە. بەتایبەتیش و سەبارەت بە رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی، کەمال مەزهەر لە دووتوێی کتێبێکدا (تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا) بە گەڕانەوە بۆ خودی رۆژنامەکە شیکاری ناوەڕۆکی رۆژنامەکەی کردووە و لایەنە جیاوازەکانی ئەم رۆژنامەیەی خستوتەڕوو. بەڵام ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوەکەی ئەو جیادەکاتەوە لەوەدایە کە کەمال مەزهەر بۆ کتێبەکەی پشتی بەستووە بە شیکاری ناوەڕۆکی رۆژنامەکە و تەنها ئەوەی باسکردووە کە بەریتانییەکان بۆ کاری پروپاگەندەی خۆیان دوای گرتنی بەغدا (تێگەیشتنی راستی)یان بە زمانی کوردی بڵاو کردوەتەوە. تا ئەو کاتە لەوە زیاتر هیچ باسی (تێگەیشتنی راستی) نەکراوە و هیچی لەبارەوە بڵاو نەکراوەتەوە. لە کاتێکدا ئەم توێژینەوەیە لە روانگەی خوێندنەوە و شیکردنەوەی ژمارەیەک بەڵگەنامەی ئەوسای بەریتانیاوە کە تیایدا کۆمەڵێک نامە و یاداشت لە خۆدەگرێت دەیەوێت، تێیدا سیاسەتی بەریتانیا و هۆکاری گرنگیپێدانی بە دەرکردنی رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی، هەروەها رێکارە کارگێرییەکانی بەر لە دەرچوونی رۆژنامەکە دەخاتەڕوو.

**رۆژنامەگەری کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا**

سەرەتای پەیدابوونی رۆژنامەنوسی لە هەر نەتەوە و هەرێمێک پەیوەندی بە هەندێک هۆکاریی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە هەیە. هەندێک هۆکاری وەک دەرکەوتنی رۆژنامەنووسی لە وڵاتانی دراوسێ و گرنگیان لەبەرەو پێشبردنی لایەنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و رۆشنبیری ئەو وڵاتانە، لەگەڵ ململانێ و رووبەڕووبوونەوەکانی نێوان کوردەکان و تورکیا لەسەر بەکارهێنانیان لە دژی ئەرمەنیەکان و پێنەدانی ماف و خواستەکانیان، وای لە کوردەکانیش کرد لە کۆتایی سەدەی نۆزدە بیر لەو لایەنە بکەنەوە و دەست بدەنە دەرچواندن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەیەکی کوردی. بۆ ئەو مەبەستەش لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، کوردەکانی دوورەوڵات رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە بزاڤی نیشتیمانی رزگاریخوازیی کوردی کە ئەمەش بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا، لە توانایدابوو رۆژنامەگەریی کوردی رێکبخەن و رای گشتی جەماوەری ئەورووپی ئاراستەی کێشەی پرسی کورد بکەن. بۆ ئەو مەبەستە کوردەکانی دەرەوە لە ٢٢-٤-١٨٩٨ لە قاهیرەی میسر ژمارە یەکی یەکەم رۆژنامەی کوردیان بەناوی رۆژنامەی (کوردستان) بە زمانی کوردی بڵاوکردەوە. بەدرخانیەکان ئەم رۆژنامەیان دەرکرد کە ئاراستەیەکی لیبراڵی روناکبیری هەبوو، بەڵام دواتر گۆڕا بۆ ئاراستەیەکی رەخنەی سیاسی توندوتیژ لە دژی فەرمانڕەوایی سوڵتانەکان (م.س.لازاریف, ٢٠١٠, لاپەڕە ٢٦٢). هەروەک لە ژمارە یەکی سێیەمین خولی دەرچوونی رۆژنامەکەدا هاتووە هۆکاری دەرچونی ئەم رۆژنامەیە لە دەرەوەی کوردستان دەگەڕێنێتەوە بۆ خراپی سوڵتانەکانی تورک کە هیچ کارێکی باشیان لە ناوچە کوردییەکان نەکردووە و کوردستانیان کردۆتە ناوچەی شەڕ و ململانێکان و نەبوونی چاپخانە و پێداویستییەکانی دەرکردنی رۆژنامەش هۆکاری هەم دواکەوتنی رۆژنامەگەری کوردین و هەمیش هۆکاری ئەوەی کە لە ناوەوەی کوردستان نەتوانرا رۆژنامە دەربکرێت. لەو سەردەمەش لەبەرئەوەی شاری قاهیرە لە دەسەڵاتی سوڵتاندا نەمابوو و کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیاوە بۆیە بەدرخانیەکان کە خێزانێکی شۆڕگێڕ و رۆشنبیر بوون روویان کردە ئەو شارە و لەسەر دەستی میقداد مەدحەت بەدرخان ئەم رۆژنامەیەی دەرچوو (فیلیپ کرینبرۆك- کریستییەن ئالیسۆن, ٢٠٠٨, لاپەڕە ٨٨). بابەتەکانی بریتی بوون لە بابەتی سیاسی، ئەدەبی و مێژوویی. پیاوە سیاسییەکانی کورد لە پایتەختی عوسمانیدا خەریکی پێکهێنانی بەرهەمی ئازادی بوون. رۆژنامەکانی کورد لە لایەن بەدرخانیەکان و شێخ عەبدولقادرەوە دەردەکران و کۆمەڵە کوردەکانی پارێزەر –محامی- و سوپایی و قوتابییەکانی حەربییە، زۆر بەئاشکرایی لە ١٩٠٨ تا ١٩١٤ لەڕێی ئازادیدا زۆر بەگەرم و تیژییەوە دەجوڵانەوە (خواجە, ٢٠١٣, لاپەڕە ١٣). دوای ئەو کوردەکانی ئەستەمبوڵ لە شەمزینی و بەدرخانی و بابانی بە سەرۆکایەتی عەبدولقادری شەمزینی لە ساڵی ١٩٠٨ کۆمەڵەیەکیان دامەزراند بە ناوی کرد تعاون و ترقی جمعیتی (کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد). بۆ هەوڵدان بۆ سەلماندنی مافی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی عوسمانیدا و بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆی بڕیاریدا غەزەتەیەکی هەفتانە بە کوردی و تورکی و لەژێر ناوی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی) لە ئەستەمبوڵ دەربکات. کە ژمارە یەکی لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٠٨ دەرچووە. دوای ئەوانیش هەریەک لە رۆژی کورد لە ئەستەمبوڵ(١٩ی حوزەیران بۆ ١٢ی ئەیلولی ١٩١٣) و پاش راگرتنی ئەم رۆژنامەیەش هەتاوی کورد لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩١٣، بانگی حەقی سەردەمی شێخ مەحمود و چەندین رۆژنامەیتریش دەرچووە (ئەمین, ٢٠١٣, لاپەڕەکان ٢٣-٢٤). بەڵام هەتا دەستپێکردنی شەڕی یەکەم جیهانی هەموو رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لەبەر سیاسەتی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

شۆڤێنی تورک لە بەرامبەر کورد داخران. هەروەها لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان داخران.

**ڕۆژنامەگەری کوردی لە عێراق:**

لەگەڵ تەواوبوونی شەڕ و کەوتنی ڕژێمی تورکانی لاو بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی بەجارێ خرۆشا و لە ئەنجامدا قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ڕۆژنامەنوسیی ئەو گەلانە دەستی پێکرد. ڕۆژنامەنووسیی کوردیش ئەو سەردەمە بەجۆرێکی هەستپێکراو بوژایەوە (مەزهەر, ١٩٧٨, لاپەڕە ٧٧).

هەر لە ساتەوەختی جەنگی جیهانی یەکەم مسیۆنەرەکان یەکەم هەنگاویان لە مەیدانی ڕۆژنامەنووسی کوردی ئێراندا نا. وەک مینۆرسکی باس دەکات میسیۆنەرە پرۆتستانتەکان لە ساباڵخ(مەهاباد) بە یاریدەی دەزگا ئەڵمانییەکان گۆڤارێکی بچووکیان بەناوی (کوردستان)ەوە دەرکرد کە وتار و فۆلکلۆری کوردی بڵاو دەکردەوە. مینۆرسکی ئەوەشی تۆمارکردووە کە خۆی ژمارە یەکی گۆڤاری ناوبراوی هەیە و لە نیسانی ١٩١٤ دەرچووە (مەزهەر, ١٩٧٨, لاپەڕە ٧٨). هەرچەندە هەندێک بۆچوونی تر بڕوایان وایە ئەم گۆڤارە لە ١٩١٢ دەرچووە.

پێش جەنگی جیهانی یەکەم حکومەتێک بە ناوی عێراقەوە نەبوو، بەڵکوو ئەوەی هەبوو سێ ویلایەتی بەغداد، موسڵ و بەسرە بوون. کە هەریەکیان بەجیا بەسترابوو بە بابی عالیەوە لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانیدا. لەو سەردەمەدا یەکەمین ڕۆژنامە لە بەغداد، (الزوراء) بووە و لە لایەن والی بەغدادەوە وەکوو زمانحاڵی ویلایەتەکەی یەکەم ژمارەی لە (١٦ی حوزەیرانی ١٨٦٩) دەرکردووە (ئەحمەد, ٢٠١٧, لاپەڕە ١٣). هەرچەندە ڕای جیاواز هەیە و بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە عەرەبییەکان دەردەکەوێت کە ڕۆژنامەی (جورنال العراق) کە لە لایەن داود پاشاوە و بە زمانەکانی عەرەبی و تورکی دەرکراوە بە یەکەم ڕۆژنامەی عەرەبی و عراقی دادەنرێت (عبدالرحمن, ١٩٨٤, لاپەڕە ٨٤) و پێش ڕۆژنامەی (الزوراء) دەرکراوە. پاشان ڕۆژنامەی (الموصل) کە لە ١٨٨٥ لە موسڵ دەرچووە و دواتریش ڕۆژنامەش (البصرة)یە کە لە ١٨٨٩ لە بەسرە دەرچووە (ئەمین, ٢٠١٣, لاپەڕە ١١٧).

سەبارەت بە سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عێراقدا، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٤ ئەوەش بۆ لەدایکبوونی چاپکراوی ڕۆژنامەوانیی کوردی کاتێکی درەنگ و لەدوایە کە دەکاتە ٤٥ ساڵ دوای دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامە لە عێراقدا کە (الزورا،١٨٦٩)یە. هۆکاری ئەوەش ئەوە بوو کە چاپخانە نەهاتبووە کوردستان و لە ساڵی (١٩١١)شدا حکومەتی ئیتیحادی یاسایەکی نوێی بۆ ڕێکخستنی دەرکردنی ڕۆژنامە دەرکرد کە تێیدا مۆڵەتی دەرکردنی ڕۆژنامەیان بەتەنیا دایە دەست ئەستانە(ئەستەنبوڵ) (عومەر, ٢٠٠١, لاپەڕە ٦٨). لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر هەر هۆکارێک بووبێت ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە عێراق لە پارچەکانیتری کوردستان هەلی پێشکەوتن و گەشەکردنی بۆ هاتە پێشەوە. سەرەتای مێژووی ڕۆژنامەنوسیی کوردیی لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ چەند مانگێک بەرلە هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهان. ئەو سەرەتایەش لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری (بانگی کورد)دا دەست پێدەکات کە دوای دەچوونی پێنجەمین ژمارەی و لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی یەکەم راوەستا (ئەمین, ٢٠١٣, لاپەڕە ١١٨). ئەم گۆڤارە بە هەردوو زمانی تورکی و کوردی لە بەغداد و لە لایەن جەمالەدین بابانەوە و ١٥ ڕۆژ جارێک دەرچووە، ژمارە یەکی لە (٨-٢-١٩١٤) لە بەغداد دەرچووە (الحسنی ع. , ١٩٥٧, لاپەڕە ٣٠).

بەڵام سەبارەت بە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە عێراق کەمال مەزهەر لە کتێبی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا و لە ئەنجامی نوسینەکەیدا کە لەبارەی ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستییەوە نوسیویەتی دەڵێت: (تێگەیشتنی ڕاستی) تاقە چاپەمەنی کورد و کوردی بووە لە سەرانسەری ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەرچووە کە قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی هەموو مرۆڤدا پێکدێنن. عەلادین سەجادیش دەڵێت تێگەیشتنی ڕاستی ڕۆژنامەیەکی هەفتەیی کوردە پیلانی سیاسی کۆمەلایەتی بووە، ئیحتیلالی بەریتانیا لە بەغدا دەریکردووە . ژمارە یەکی ئەم ڕۆژنامەیە لە یەکی کانونی دووەمی ١٩١٨دەرچووە و سەرجەم ٦٧ ژمارەی لێدەرچووە.

**سیاسەتی ڕۆژنامەوانیی بەریتانیا لە ناوچە ژێردەستەکاندا:**

دەوڵەتە کۆلۆنیاڵیستەکان لەبەرخاتری خۆیان و وەک سیاسەتێک زوو دەستیان دەدایە دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار لەو وڵاتانەی دەکەوتنە ژێردەستیان. بۆ نموونە ناپلیۆن بۆناپارت بەرلەوەی بکەوێتەڕێ بەرەو میسر کەوتە ئامادەکردنی تفاقی تەواوی چاپ و چاپەمەنی تا لەگەڵ خۆیدا بیان بات بۆ میسر (مەزهەر, ١٩٧٨, لاپەڕە ٩٧). داگیرکەرانی بەریتانیایش دوای ناپلیۆن لەمەشدا زوو بوونە یەکەمی مەیدان، دەیانزانی چاپەمەنی و تایبەت ڕۆژنامەنووسی بکەنە دارەدستێکی کاریگەری ڕاگەیاندنی سیاسەتیان و بڵاوکردنەوەی زمان و نەریتیان و چەسپکردنی جێپێیان لە ژیانی ئابوری و سیاسی ئەو وڵاتانەی داگیریان دەکەن. هەروەها ڕۆڵی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

خۆیان بەباشی بینی لە سودوەرگرتن لە کەمینەکان لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ عوسمانییەکاندا، ئەویش بە پێدانی بەڵێنی بەدیهێنانی سەربەخۆیی بۆیان، وەک ئەوەی یارمەتی ئەرمەنەکانیان دا لە دەرکردنی رۆژنامەی (الزمان) لە میسر (عبدالرحمن, ١٩٨٤, لاپەڕە ٨٦). لە لایەکیترەوە دەزگای ناودار و چالاکی بەریتانیا (کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی) لە دەورووبەری کۆتایی سەدەی هەژدەوە گەورەترین دەوری بینی بۆ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی رۆژنامە و گۆڤاری بەریتانیای لە هیندستان. ئەو کارەشی ئەوەندە بە زیرەکانە دەکرد کە لە ماوەیەکی کەمدا توانی سەرنجی خوێنەری هیندی بۆ رۆژنامە بەریتانیایەکان زیاتر لە هیندییەکان رابکێشێت و نزیکەی ١٠٠ رۆژنامە و گۆڤاری بەریتانیایی دەرکرد (مەزهەر, ١٩٧٨, لاپەڕە ٩٩). هەر بەو شێوەیەش ماوەیەکی کەم پاش داگیرکردنی شاری بەسرە بەریتانییەکان دەستیان گرت بەسەر چاپخانەکانی ئەو شارەدا و دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی تایبەتی خۆیان و بۆ ئەو مەبەستەش سەرەتا نەشرەیەکیان بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی دەرکرد بەمەبەستی راگەیاندنی هەواڵەکانی شەڕ (ئەمین, ٢٠١٣, لاپەڕە ١٣٩). دیارە ئەرکی یەکەمی ئەو پەخش و رۆژنامە و گۆڤارانە پیاهەڵدان بوو بەسەر بەریتانیا و بەدناوکردنی دوژمنانیان. دواتریش لە بەغدا نەشرەی (صدى الحقيقة) و رۆژنامەی (العرب)یان دەرکرد. پاش ئەوانەش لە ساڵی ١٩١٨ سێ رۆژنامەی (Baghdad Times) بە ئینگلیزی و (ئێران) بە فارسی و (تێگەیشتنی راستی)یان بەکوردی دەرکرد (ئەحمەد, ٢٠١٧, لاپەڕە ٣٦). لە ماوەی چواردە ساڵی فەرمانڕەوایی یەکسەری بەریتانیا (١٩١٨-١٩٣٢) لە هەموو عێراق بەسەریەکەوە پتر لە ٢٠٠ گۆڤار و رۆژنامەی هەمەجۆر دەرچوو کە تەنها ٦یان کوردی بوون و هیچ کامیان لە چەند ژمارەیەک زیاتریان لێ دەرنەچوو (مەزهەر, ١٩٧٨, لاپەڕە ٨٥). لەو سەردەمەدا مێجەرسۆن وەک حاکمی سیاسی سلێمانی رۆڵی گەورەی هەبووە لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا و کوردییەکی زۆر باشی زانیوە و بەرهەمی بایەخداری لەبارەی کوردانەوە بڵاودەکردەوە بەتایبەت لە رۆژنامەی تێگەیشتنی راستیدا. هەر لەم رۆژنامەیەدا مەدحێکی زۆری کوردان دەکات بۆئەوەی چەکدارانی کوردستان بینە داردەستی بەریتانیا و بکەونە گیانی لەشکری عوسمانی و راوێژکەرە ئەڵمانییەکانی و بەوجۆرە رێگەی پێشکەوتنی بێ زیان بۆ ئەوان تەخت و خۆش کەن (مەزهەر, ١٩٧٨, لاپەڕە ١١٩).

یەکێک لەو هۆکارانەی وایکردووە بەریتانیا لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی گرنگی بە کاری رۆژنامەنوسی بدات ئەوە بوو کە دەوری پروپاگەندە لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا زۆر لە جاران زیاتربوو. بەریتانیاکان بایەخێکی زۆریان بەم مەسەلەیە دەدا. هەرلەو بارەیەوە لوید جۆرجی سەرۆکـوەزیر لە یادداشتەکانیدا لەم بارەیەوە نوسیویەتی: پروپاگەندەی هەردوولا واتە عەرەب و تورک لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەوری گەورەتری لە جاران بینی. بەلایەنی کەمەوە وەک نموونە دەتوانم باسی بەڵێنە ئاشکراکانی وڵاتە هاوپەیمانەکان بکەم دەربارەی نیازیان بۆ ئازادکردن و دانان بە مافی چارەنوسی گەلە ژێردەستەکانی تورکیا و ئەڵمانیا و نەمسای دوژمنماندا... ئێمە دەمانزانی باسی ئازادی وەک یەکێک لە مەبەستەکانمان یاریدەمان دەدا بۆ تێکدانی شیرازەی یەکیەتی وڵاتە ناحەزەکانمان و لەوەشدا بە هەڵە نەچووین (مەزهەر, ١٩٧٨, لاپەڕە ١٠٠). لەو روانگەیەشەوە لەپوختە و دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیدا بەناونیشانی (رۆژنامەگەریی کوردی لە عێراقدا بەرایییەکان ١٩١٤-١٩٣٩) دەرکەوتووە کە دەرکردنی رۆژنامە لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەمەبەستی هێنانی خەڵک بووە بەلای سیاسەتەکانیدا، هەروەها ئامادەکردنی هزر و بیری خەڵک بۆ پێشوازی کردنی هەر گۆڕانکارییەک کە دەسەڵات ویستبێتی فەرزی بکات (عومەر, ٢٠٠١, لاپەڕە ١٧١). رەنگە هەر ئەو هۆکارەش واتە مەبەستی پروپاگەندەی بەریتانیا بووبێت لەگەڵ بوونی ئەم بەڵگەنامانەدا کە بابەتی ئەم توێژینەوەەین، وای لە کەسێکی وەک ئارنۆڵد ویڵسنیش کە وەکیلی حاکمی سیاسی بەریتانیا لە عێراق بوو، کردبێت هیچ باسێکی ئەو رۆژنامەیە نەکات هەرچەندە لە کتێبەکەی خۆیدا چەند جارێ هاتۆتەسەر باسی ئەو رۆژنامانەی بەریتانیا لە گرتنی بەسرەوە دەستیان کردووە بە بڵاوکردنەوەیان و دەوری مێجەرسۆنی وەک رۆژنامەنوسێکی چالاک نیشان داوە.

### ناساندنی گشتیی بەڵگەنامەکان:

ئەو بەڵگە نامانەی هەڵبژێردراون بۆ لێکۆڵینەوە لێیان لەم توێژینەوەدا بریتین لە نزیکەی (٥٠) بەڵگەنامەی ساڵانی (١٩١٧-١٩١٩)دا بروسکە و لێکتێگەیشتن نامە کە ئاڵوگۆڕ کراوە لەلایەن مەندوبی سامی بەریتانیاوە سەبارەت بە دەرچوونی رۆژنامەیەک بە زمانی کوردی. کۆی ئەم بەڵگەنامانە لە ناو کۆمەڵێک بەڵگەنامەدا هەڵبژێردراون کە ناوەندی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە و دۆکیۆمێنت لە ئەرشیفی نیشتیمانی بەغدا هێناویەتەوە و ئێستا وێنەی دیجیتاڵییان لە ئەرشیفی ناوەندەکە دەست دەکەوێت.

**پوختە:** لەبارەی بیرۆکەی دەرچواندنی رۆژنامەیەک بە زمانی کوردی و بە شێوەیەکی هەفتانە دەربچێت و لە ناوچەکانی مەندەلی، خانەقین، کوت و بەدرە بڵاوبکرێتەوە. دۆسیەکە بریتیە لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیای ئەو سەردەمە، لە بەرگی دۆسیەکەدا ئاماژە کراوە بە بڵاوکراوەی کوردی واتە تەنیا نوسراوە (Kurdish Paper) و بەرواری (١٩١٧/١٢/٢٦و


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

١٩١٩/١/٢٩)لە خوارەوەی بەڵگەنامەکە نوسراوە کە مەبەست لێی بەرواری بڕیاری دەرکردن و راوەستاندنی رۆژنامەکەیە. (بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە(١)) بە شێوەیەکی گشتیی ئەم بەڵگەنامانە ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت:

نامەی هاتوو و رۆیشتوو لە چوارچێوەی لێکتێگەیشتن نامە(Memorandum1) و بروسکەدا ئاڵوگۆڕ پێکراوە بۆ لایەنی فەرمی سەبارەت بە دەرچواندنی رۆژنامەیەک بە زمانی کوردی وەک لێکتێگەیشن نامەی باوەڕپێکراوی مەدەنی لەبارەی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەیەک بە زمانی کوردی و بڵاوکردنەوەی لە ناوچەکانی مەندەلی، خانەقین، کوت و بەدرە.

تێلێگرامێک لە ئەفسەری سیاسی لە بەغداد کە تێیدا پرسیاری لە سیاسیی خانەقین کردووە لە بەرواری ٢٨-١٢-١٩١٧دا چ ناوێک بۆ رۆژنامەکە گونجاوە، واتە سیاسیی خانەقین پێشنیاری ناوێکی کوردی بکات بۆ رۆژنامەکە. لە وەڵامدا و لە بەرواری ٢٩-١٢-١٩١٧دا سیاسی خانەقین ناوی (تێگەیشتنی راستی)ی کردووە. هەروەها لێکتێگەیشتن نامەی کونسوڵگەری کرماشان سەبارەت بە گرنگیپێدانی فارسەکان بە ئوسلوب و شێوازی دەرکردنی رۆژنامە و لێکتێگەیشتنی سەرنوسەری رۆژنامەی (اوقات البغدادية) سەبارەت بە نامەکەی (حەمدی بابان) کە کۆمەڵێک پێشنیار لەخۆ دەگرێت سەبارەت بە چاکسازی لە رۆژنامەی کوردی و بروسکەی ئەفسەری سیاسی کۆیە(کویسنجق) سەبارەت بە داواکاری ناردنی چەند نوسخەیەک لە هەموو رۆژنامەکوردییەکان.

**شیکردنەوەی بەڵگەنامەکان لەبەر رۆشنایی سیاسەتی بەریتانیادا:**

لە شیکردنەوەی یەکەم بەڵگەنامەوە کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی ناوی رۆژنامە کوردییەکە دەردەکەوێت کە ئەوەی رۆژنامە کوردییەکە جیا دەکاتەوە لە رۆژنامەکانیتر کە لە عێراق و لە لایەن بەریتانیاوە دەرچوون ئەوەیە وەک نەریتێکی خۆیان کە هەموو رۆژنامە چاپکراوەکان بە زمانی ئینگلیزی لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا وەک لە ناوەکانیانەوە دیارە پەیڕەوییان لێدەکرد. بە شێوەیەک کە ناوی رۆژنامەکە پێکهاتووە لەناوی ئەو شارەی لێی دەردەچوو لەگەڵ پاشگرێک بۆ بەریتانیاییەکەی و لە نوسخە عەرەبیەکەشی وەرگێرانی هەمان ناو بوو وەک (بصرة تايمز) کە عەرەبییەکەی (اوقات البصرة)یە و (بغداد تايمز) کە عەرەبییەکەی (اوقات البغدادية)یە. لە کاتێکدا بۆ رۆژنامە کوردییە ئەو نەریتە جێبەجێ نەکرا و لە تێلێگرامێکدا و لە بەرواری (٢٨-١٢-١٩١٧)سیاسی بەغداد داوا لە سیاسیی خانەقین دەکات پێشنیاری ناوێکی بۆ بکات بۆ رۆژنامە کوردییەکە، ئەویش هەر بە تێلێگرامێک لە (٢٩-١٢-١٩١٧)وەڵامی دەداتەوە و پێشنیاری ناوی (تێگەیشتنی راستی) بۆ دەکات. کە ئەو ناوە پاش رازیبوونی کۆمیسەری مەدەنی لە بەغداد دەبێتە ناوی یەکەم رۆژنامەی کوردی کە لە لایەن داگیرکارانی بەریتانیاوە و لە بەغدا بڵاوکرایەوە. (بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٢)و (٣))

وەک لە بەشەکانی پێشەوەی ئەم توێژینەوەیەدا باسکرا لایەنی داگیرکەر کە بەریتانیایە سودی لە بواری رۆژنامەنوسی وەرگرتووە بۆ بڵاوکردنەوەی راوبۆچوونەکانی خۆی و بە مەبەستی پروپاگەندە بەکاری هێناوە، یەکێک لەم بەڵگەنامانەش ئەوە پشتراست دەکاتەوە کە لە لایەن سیاسیی لەندەنەوە لە بەرواری (١٠-١-١٩١٨)نێردراوە بۆ سیاسی بەغداد و لە ١١-١-١٩١٨ بەدەستی گەشتووە و تیایدا نوسیویەتی کۆپییەکی بگات بەدەستی کۆمیسەری مەدەنی و سەرۆکی گشتیی ستافەکە، دەڵێت رۆژنامەکەی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ بابەتی پروپاگەندە، ئایا ئەتوانی هەندێک سودیتریمان پێبڵێیت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە گرنگترین شت بەلای بەریتانیاوە پروپاگەندە بۆ خۆی و دەرخستنی خۆی وەک رزگارکەرێک بووە. (بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٤))

لە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی تردا کۆمیسەری مەدەنی لە بەغداد لە بەرواری (١٨-١-١٩١٨)داوا دەکات رۆژنامە کوردییەکە بە خۆڕایی بنێرن بۆ هەندێک کەسایەتی کورد لە بەغداد، لەوانە حەمدی بەگی بابان، حەمدی پاشای بابان و جەمیل سدقی ئەلزەهاوی و هەندێکیتر. هەروەها رۆژنامەکە بنێرن بۆ خانەقین. بۆ زانینی ناوی کەسایەتییەکان (بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٥)) لەم بەڵگەنامەیەوە دەردەکەوێت سەرجەمی ئەو کەسایەتیانە کە هەموویان کەسانی رۆشنبیر و سیاسی و شاعیر بوون بابەتیان لە تێگەیشتنی راستیدا بڵاو کردبێتەوە یان رۆژنامەکەیان بۆ نێردراوە بۆئەوەی بەریتانیا سود لە راوبۆچوونەکانیان وەربگرێت بە مەبەستی چاکسازی لە رۆژنامەکەدا، چونکە لە بەڵگەنامەیەکیتردا ئاماژە بۆ پێشنیارەکانی حەمدی بابان دەکات سەبارەت بە چۆنیەتی دەرچوونی رۆژنامەکە کە هاوڕان لەگەڵ رایەکانی. (بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٦)) ئەمەش رۆڵی نوخبەی رۆشنبیری کورد لەو سەردەمەدا دەردەخات لە هاوکاریکردنی دەرچواندنی رۆژنامەیەکی کوردی لە چوارچێوەی سیاسەتی رۆژنامەوانی و کولتووری بەریتانیادا.

[1] نامەی دیپلۆماسی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.12



Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لە بەڵگەنامەیەکدا کە بەرواری (٣-٣-١٩١٨)ی لەسەرە ئاماژە بە هەندێک زانیاری دەکات کە تێیدا نێرەری نامەکە وەڵامی نامەیەک بە بەرواری (٢٨-٢-٢٠١٨) ئاراستەی (G. S. Stuart) سەرنوسەری بەغداد تایمزی کردووە و داوای تۆمارکردن و هەندێک زانیاری دەکات کە لە نامەکەدا هاتووە، لەوانە:

١. بڵاوکردنەوەی بابەتی کورت لەسەر کردەوەکان و نیەتی باشی بەریتانیا، هەندێک هەواڵی تایبەت بە کاروچالاکییەکانیان لەسەر کوردستان، ژیانی رۆژانەی خەڵکەکەی، شیعر، مێژووی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، هەروەها لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەشم کە رۆژنامەکە بکرێ بە دوو ئەوەندە و بە باشی ئامادەکرابێت باشترە لەوەی هەفتەی دوو جار دەربکرێت. دیارە رۆژنامەکە لە سەرەتاوە بە دوولاپەڕە و هەفتەی دووجار شەمان و سێشەمان دەردەچوو بەڵام لە ژمارە بیستەوە کە لە ١١-٣-١٩١٨ دەرچووە کراوە بە چوار لاپەڕە و هەفتەی جارێک و دووشەمان دەرچووە.
٢. یەکێکیتر لە داواکارییەکانی ناو ئەم بەڵگەنامەیە ئەوەیە کە لەبەرئەوەی لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بە زاراوەیەک قسە دەکەن بۆیە ناکرێ و مومکین نیە رۆژنامەکە بەهەموو زاراوەکان دەربچێت بۆیە داوای ئەوە دەکات رۆژنامەکە بە زاراوەی سلێمانی دەربچێت ئەویش لەبەر پێگەی ناوەندی و هۆکارە مێژووییەکانەوە ئەوەی بەباشتر زانیوە.
٣. کۆتا خاڵی تێبینیکراو ناو ئەم بەڵگەنامەیە بریتیە لەوەی کە جەخت دەکاتەوە لەوەی کە لەو سەردەمەدا بابەتی زۆر لەسەر پروپاگەندە و بڵاوکردنەوەی پیاهەڵدان بە بەریتانیادا بەڕاستی بێسودە و ئەگەر حکومەت بەشێوەی ئەم ١١ ژمارەیە بەردەوام بێت بەدڵنیاییەوە کاریگەری خراپی دەبێت. (بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٧))

لەو بەڵگەنامەیەی کە لە ٤-٣-١٩١٨ دەرچووە سەرنوسەری بەغداد تایمز بۆ کۆمیسەری مەدەنی ناردووە و تێیدا باسی پێشنیارەکانی حەمدی بابان دەکات کە لە ٣-٣-١٩١٨ بۆی ناردووە، لە وەڵامی سەرنوسەری بەغداد تایمزیشدا و لە بەڵگەنامەیەکیتردا کە لە ٥-٣-١٩١٨ دەرچووە کۆمیسەری مەدەنی وەڵامی داواکارییەکانی سەرنوسەری بەغداد تایمز داوەتەوە و دەڵێت رەزامەندم کە رۆژنامەکە بکرێت بە هەفتانە و بەشێوازێکی هونەری و نوسینێکی روون دەربچێت. هەروەها گرنگیشە ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە جێی سەرنجی خوێنەرەکانی بێت: بڵاوکردنەوەی زۆری وەک ئێستا دەکرێ سەرنجی خوێنەرانێکی کەم رابکێشێت یان هەر سەرنجی کەس رانەکێشێت. پۆرترێتێکی کەسایەتییەک یان ناوچەیەکی کوردستان گرنگترە تا فۆتۆیەکی ناوچەیەک لە فەڕەنسا. (بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٨))

لە تێڕوانین لە بەڵگەنامەیەکیتر دەتوانین بگەینە ئەوەی کە ئەم رۆژنامەیە بۆ هەر ژمارەیەک چەند نوسخەی لێدەرچووە، لەو بەڵگەنامەیەدا کۆمیسەری مەدەنی لە ١٢-٩-١٩١٨ داوا دەکات ژمارەیەک لە رۆژنامەکە بنێردرێت بۆ ئەم شوێنانە، بەم شێوەیە: ٥٠ نوسخە بۆ خانەقین، ٢٠ نوسخە بۆ مەندەلی، ٥ نوسخە بۆ کوت، ٢٠ نوسخە بۆ کرماشان، ١٣ نوسخە بۆ کەسایەتییە دیارەکانی بەغداد، ١٠ نوسخە بۆ کفری، ١٠ نوسخەبۆ دووز، ٢٠ بۆ سنە. هەروەها لە بەڵگەنامەیەکیتردا داواکراوە ٥٠ نوسخە بنێرن بۆ ئەفسەری سیاسی لە سلێمانی و کەرکوک و ٥٠ نوسخەی فارسیش بنێرن. کە ئەوەش دوای ئەوە دێت کە لە ١٩١٨ بەریتانیا کەرکوکیش داگیر دەکەن. لێرەوە دەتوانین بگەین بەوە کە هەر ژمارەیەک نزیکەی ١٥٠ نوسخەی لێ بڵاوکراوەتەوە و هەروەها جوگرافیای رووماڵکردنی رۆژنامەکە تەنها ئەو شوێنانە بگرێتەوە کە ناویان هاتووە چونکە لە کۆتایی بەڵگەنامەکەدا نوسراوە "وای بۆ ناچم لەم شوێنانە زیاتر لێی تێبگەن". (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٩)) هەرچەندە لە بەڵگەنامەیەک کە بەروارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەرچوونی رۆژنامەکە واداواکراوە کە رۆژنامەکە لەم ناوچانە بڵاوبکرێتەوە: ٥٠ نوسخە بۆ خانەقین، ٢٠ نوسخە بۆ مەندەلی، ٥ نوسخە بۆ کوت، ٥ نوسخە بۆ بەدرە و ٢٠ نوسخە بۆ کرماشان، بەڵام دیارە دواتر سنوری بڵاوکردنەوەکەیان گۆڕیوە بۆ ئەو ناوچانەی لەسەرەوە باسیان کراوە و بە پێی داواکاری رۆژنامەکەیان بۆ ناوچە جیاوازەکان ناردووە. چونکە لە بەڵگەنامەیەکیتردا لە بەرواری (١٥-١-٢٠١٩) ئەفسەری سیاسی لە کفری داوا لە کۆمیسەری مەدەنی لە بەغداد دەکات کە ژمارەی رۆژنامەی (العرب) و (تێگەیشتنی راستی)یان بۆ زیاد بکەن بەوشێوەیەی کە ٥ نوسخە لە یەکەمیان و ٣٠ نوسخە لە دووەمیان بنێرن. ئەوانەشی کە نێردراون بۆ سنە بە کوردی و فارسی نێردراون.

لە یەکێکیتر لە بەڵگەنامەکان کە لە ٢٩-١-١٩١٩ دەرچووە راوەستاندنی تێگەیشتنی راستی رادەگەیەنێت بەبێئەوەی هۆکارەکەی روونبکاتەوە. (بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە (١٠)) هەڵبەت توێژینەوەکانی پێشتر وای بۆ دەچن لەبەرئەوەی ئەم رۆژنامەیە بۆ بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە بۆ ئیحتیلالی بەریتانیا و هەواڵەکانی جەنگ دەرچووە بۆیە بە کۆتایی جەنگیش کۆتایی بە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکە هاتووە.

کۆتا بەڵگەنامە کە گرنگە شیکاریی بۆ بکەین بریتیە لە بەڵگەنامەیەک کە سیاسی بەغداد بۆ سیاسیی سلێمانیی ناردووە لە ٢٨-١-١٩١٩ و پێشنیاری ناردنی ئامێری چاپ دەکات بۆیان کە ئەمەش رێکەوتە لەگەڵ تەنها یەک رۆژ لە دوای دەرچوونی کۆتا

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص: 244-259
المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الســليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ژمارەی (تێگەیشتنی راستی) کە لە ٢٧-١-١٩١٩ دەرچووە. دیارە ئامادەکاری بۆ دەرچوونی رۆژنامەی پێشکەوتن کراوە کە راستەوخۆ لەدوای تێگەیشتنی راستی دەرچووە. (بروانە بەڵگەنامەی ژمارە (١١))

**دەرئەنجام:**

لە میانەی جەنگی جیهانی یەکەم دەسەڵاتدارانی بەریتانیا بەمەبەستی رێگرتن لە هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونی عەرەب و کوردەکان بە چەندین شێواز مامەڵەکانی خۆیان لە هەموو ئاستەکان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە رێک دەخست و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی رای گشتییان داوە. بۆ ئەو مەبەستەش پلانی دەرکردنی چەندین رۆژنامەیان بە زمانە جیاوازەکانی ناوچەکە داوە. لەم توێژینەوەیە دا و بە لێکۆڵینەوە لە چەندین بەڵگەنامە کە لە دۆسیەیەکدا رێکخراون وپلان و رێکار و سیاسەتەکانی بەریتانیا بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەخاتەڕوو. ئەو رۆژنامەیەی ئیحتیلالی بەریتانیا لە ماوەی ساڵانی (١٩١٧-١٩١٩) هەوڵی دەرچواندن و بڵاوکردنەوەی داوە بریتیە لە رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی کە ژمارە یەکی لە یەکی کانونی دووەمی ١٩١٨ دەرچووە و کۆتا ژمارەشی لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٩ دەرچووە و لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩١٩ واتە دوو رۆژ دوای دەرچوونی کۆتا ژمارەی، بەبێ هیچ روونکردنەوەیەک بە فەرمی داوای راوەستاندنی دەرچوونی کراوە. واتە هۆکاری وەستاندنەکەی بەپێی بەڵگەنامەکان نەزانراوە. (بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە (١٠))

هۆکاری دەرچوونی ئەم رۆژنامەیەش لە لایەن بەریتانیاوە ئەوەیە کە هەروەک لە شیکردنەوەی بەڵگەنامەکاندا هاتووە بەریتانییەکان وەک سیاسەتێک زوو دەستیان دەدایە دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار لەو وڵاتانەی دەکەوتنە ژێردەستیان و لەو رێگەیەشەوە دەیانویست چاپەمەنی و بە تایبەت رۆژنامەنوسی بکەنە داردەستێکی کاریگەری راگەیاندنی سیاسەتیان و بڵاوکردنەوەی زمان و نەریتیان و چەسپکردنی جێپێیان لە ژیانی ئابوری ئەو وڵاتانەی داگیریان دەکەن. بۆ ئەو مەبەستەش لەو رۆژنامانەی بڵاویان دەکردەوە پروپاگەندەیان بۆ بەریتانیا دەکرد و کاروچالاکییەکانیان تێدا بڵاودەکردەوە. جگە لەوەی لە بەڵگەنامەکاندا ئەوە خراوەتەڕوو، ئەگەریش چاوێک بخشێنین بە ناوەڕۆکی رۆژنامەکەدا ئەو راستییەمان بۆ روون دەبێتەوە. بۆ ئەوە بروانە کتێبی (تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا).

هەرچەندە تا ئێستا و لە بەڵگەنامەکانەوە دەرنەکەوتووە کێ سەرنوسەری رۆژنامەکە بووە بەڵام لەم توێژینەوەیەدا ئەوە روونکراوەتەوە کە رۆژنامەکە لەلایەن ئەفسەری سیاسی بەغدادەوە دەرچووە و لە رێگەی سەرنوسەری بەغداد تایمزەوە نوسخەی رۆژنامەکەی بەتایبەت دەنارد بۆ کەسایەتییە دیارەکانی کورد وەک حەمدی بابان و راوێژی پێکردوون و سودی لە راوبۆچوونیان وەرگرتووە لە چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی بابەتەکان بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی رۆژنامەکە و رازیکردنی کوردەکان. هەر لێرەوە و لە میانەی وردبونەوە لە بەڵگەنامەکان، ناوی چەندین کەسی هاوکار و تیمی دەرکەری ڕۆژنامەکە و لە بەریتانیا و کورد ئاشکرا دەبێت و هاوکارە کوردەکانیش بە بەڵگەوە ڕوون دەرکەوتوون، ئەمەش هاوکارێکی باش دەبێت بۆ توێژینەوەکانی پاشتر لەسەر ڕۆژنامەگەری کوردی و بەتایبەت تێگەیشتنی راستی.

سودی ئەم رۆژنامەیەش بە زمانی کوردی هەروەک باسکرا بۆ ناساندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە بەریتانیایە وبۆئەوەی هەستی کوردان لەبەرامبەر ئیحتیلالی بەریتانیا بجوڵێنن و بە لای خۆیاندا رایانبکێشن و بەشداری شەڕیان پیبکەن، هەروەک چۆن لە رۆژنامەکانیتریش وەک (العرب) و (بصرة تایمز) و (بغداد تایمز)یش هەمان سیاسەتیان پیادەدەکرد.

لەشیکردنەوەی بەڵگەنامەکانەوە سنوری بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکە زانراوە کە لە سەرەتاوە داواکراوە بنێردرێت بۆ مەندەلی، کوت، خانەقین، بەدرە، کرماشان و کۆمیسەری مەدەنی لەبەغداد. بەڵام لە دوای ٩ مانگ لە دەرچوونی، جگە لەو شوێنانەی باسیان کرا نوسخەی رۆژنامەکە دەنێردرێت بۆ سنە، دوز و کفریش. هەروەها لەجیاتی ناردنی رۆژنامەکە بۆ کۆمیسەری مەدەنیی بەغداد، داواکراوە بنێردرێت بۆ کەسایەتییە دیارەکانی کورد لە بەغداد کە ١٣ کەسن و تەنها ١٣ نوسخەش بۆ بەغداد داواکراوە. ئەوە جگە لەوەی کە رۆژنامەکە لە کۆتا ژمارەکانی نێردراوە بۆ سلێمانی و کەرکوکیش.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم/ بەڵگەنامەکان:**

- ئەرشیفی نیشتیمانی ژمارە (٤٤٩) لە بەغداد، ئەرشیفی دیجیتاڵی ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوە کە پێکهاتووە لەم بەڵگەنامانەی خوارەوە:

1. بەڵگەنامەی ژمارە ٢، دۆسیەی ژمارە ٤٤٩، برقية من الضابط السياسى فى بغداد حول السؤال عن عنوان الصحيفة التى سيصدروها اسبوعيا، ٢٨-١٢-١٩١٧.
2. بەڵگەنامەی ژمارە ٣، دۆسیەی ژمارە ٤٤٩، برقية من الضابط السياسى فى بغداد حول السؤال عن عنوان الصحيفة التى سيصدروها اسبوعيا/ ، ٢٨-١٢-١٩١٧.
3. بەڵگەنامەی ژمارە ٥، دۆسیەی ژمارە ٤٤٩، برقية الى مركز القيادة العامة فى حول اقتراح تغييرات مفيدة، ١٣-١-١٠١٨.
4. بەڵگەنامەی ژمارە ٧، دۆسیەی ژمارە ٤٤٩، قائمة باسماء الاشخاص االذين سترسل اليهم نسخ من الجريدة الكردية، ١٨-١-١٩١٨.
5. بەڵگەنامەی ژمارە ١٧، دۆسیەی ژمارە ٤٤٩، مذكرة رئيس تحرير صحيفة الاوقات البغدادية حول رسالة حمدى بابان المتضمنة عده اقتراحات لتحسين الجريدة الكردية، ٤-٣-١٩١٨.
6. بەڵگەنامەی ژمارە ١٧/س١٨، دۆسیەی ژمارە ٤٤٩، مذكرة رئيس تحرير صحيفة الاوقات البغدادية حول رسالة حمدى بابان المتضمنة عده اقتراحات لتحسين الجريدة الكردية، ٣-٣-١٩١٨.
7. بەڵگەنامەی ژمارە ١٨/س١٩، دۆسیەی ژمارە ٤٤٩، مذكرة وكيل المعتمد المدنى حول الموافقن على اصدار صحيفة اسبوعية و وجود وسائل ايضاح فيه، ٥-٣-١٩١٨.
8. بەڵگەنامەی ژمارە ٢٦/س٢٧، دۆسیەی ژمارە ٤٤٩، مذكرة ممثل المعتمد المدنى حول توزيع الصحيفة الكردية، ١٢-٩-١٩١٨.
9. بەڵگەنامەی ژمارە ٤١/س٤٢ ، دۆسیەی ژمارە ٤٤٩، مذكرة ممثل المعتمد المدنى حول ايقاف صحيفة (راستى) عن الصدور، ٢٩-١-١٩١٩.

**دووەم/ کتێب و بڵاوکراوەکان:**

Arikanli, Z. .(بێ بەروار) *British Legacy and Evalution of Kurdish Nationalism in Iraq (1918-1926): What Significance the 'Mosul Question'?* CAEI Centro Argentino de Estudios Internacionales.


البياتي, ا. ع. (2010). *سياسة بريطانيا تجاه كرد العراق 1914-1932*. السليمانية: مؤسسة ژين.
خواجە, ئ. (٢٠١٣). چیم دی *(شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی مەزن)* (وەشانی چاپی دووەم). هەولێر: چاپخانەی ئاراس.
سەجادی, ع. (١٩٩٦). *مێژووی راپەرینی کورد* (وەشانی چاپی دووەم). سەقز: ئینتشاراتی محەمەدی (سەقز).
عومەر, ف. ع. (٢٠٠١). *رۆژنامەگەریی کوردی لە عێراقدا بەرابیەکان (١٩١٤-١٩٣٩)*. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
قائمقامی, س. د. (١٣٥٠). *مقدمهای برشناخت اسناد تاریخی*. تهران: سلسله انتشارات انجمن آثار ملی.
كريم, د. م. (2009). *القضية الكوردية في سياسة الحكومات العراقية 1932-1945*. السليمانية: مديرية الطبع و النشر - السليمانية.
م.س.لازاریف. (٢٠١٠). *مێژووی کوردستان* (وەشانی چاپی دووەم). هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات.
مەزهەر, د. ک. (١٩٧٨). *تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنوسیی کوردیدا*. بغداد: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
ئەمین, ن. م. (٢٠١٣). *بەدەم رێگاوە گوڵچنین؛ چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی رۆژنامەوانیی کوردی ١٨٩٨-١٩٥٨* (وەشانی کتێبی دووەم، بەرگی یەکەم). بەیروت: الدار العربية للعلوم ناشرون.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)


المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**پاشکۆ**

**لە پاشکۆدا وێنەی بەڵگەنامە بەکارهاتووەکان لە توێژینەوەکەدا دەخرێنەڕوو.**




**بەڵگەنامەی ژمارە ١**


449

Telegram.
From Political Baghdad
To Political Khanikin
No. 6421
Dated 28-12-17.


We are trying to start a Weekly Newspaper in Southern Kurdish. What title would you suggest for it?

Political Baghdad

**بەڵگەنامەی ژمارە ٢**

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



51/9 Telegram.

From - Political, Baghdad,
To - Political, Khanikin,
No. 6421.
Dated 28-12-17.

We are trying to start a Weekly Newspaper in Southern Kurdish. What title would you suggest for it?

Political.

Telegram.

From - Political, Khanikin,
To - Political, Baghdad,
No. K/173.
Dated the 29th December 1917.

6421. Suggest Taigaishtini Rasti. Do you want any articles for news from here.

Political.


No. 11345 / 51/9 Office of the Civil Commissioner,
Baghdad, the 29th December 1917.

Editor, Baghdad Times.

I concur in the above title.

Civil Commissioner.

بەڵگەنامەی ژمارە ٣



General Headquarters,
Mes. Ex. Force,
13th January 1918.

Telegram (P)
From Dirmilint London
To General Baghdad.
No.49753
Dated 10/1/1918 recd 11-40 a.m. 11/1/1918.

Reference paper Kurdistan has it been found useful for propaganda purposes. Can you suggest any advantageous alterations.


Copy to
The Civil Commissioner.

Lieut-Colonel.
for Chief of the General Staff, Mes. Ex. Force.

بەڵگەنامەی ژمارە ٤


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الســليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



449

Kurdish Gentlemen in Baghdad to whom complimentary copies of Kurdish Paper should be sent.

| Names. | Address. |
|---|---|
| 1. Mustafa Pasha | Dukkan-Shinawa. |
| 2. Hamdi Pasha Babane | Midan |
| 3. Jamil Sudki Eff Zahawi | -do- |
| 4. Jamil Beg s/o Abdullah Beg Babane | -do- |
| 5. Hamdi Beg Babane | Qarya Bashi. |
| 6. Rafik Beg | Midan. |
| 7. Abdul Karim Agha | Dinikchiya. |
| 8. Saeed Eff Zahawi | Midan. |
| 9. Haji Eff Zahawi | -do- |
| 10. Hakime Beg Zahawi | -do- |
| 11. Hikmet Beg Zahawi | -do- |
| 12. Abdullah Sa'ib Beg. | Masraf. |
| 13. Haji Ali Agha | Dinikchiya. |

Memo. No. 840 Office of the Civil Commissioner, Baghdad, the 18th January 1918.


Editor Baghdad Times.

Please distribute copies as above at cost of this office.

Civil Commissioner.

Copy to P.O. Khanikin.

بەڵگەنامەی ژمارە ٥



449

Phone: 58 Central.

"Baghdad Times" Offices,
178/9, River Street,
Baghdad.
4/3/18.

To/ The Officiating Civil Commissioner,
Baghdad.

With reference to the Kurdish newspaper, I enclose a letter from Hamdi Baban containing suggestions for the improvement of the paper. His idea of having a large well-prepared weekly paper instead of the present single sheet is in my opinion a good one, and if you approve I will substitute it for the present publication. The various dialects are a great drawback, but I think it will be worth while to continue the effort to make the paper popular.

Baghdad Times No. 159 Dated 4.3.

Editor Baghdad Times

Chief Political Office Regd. No. 4726/2 Dated 28.2.18

27.2.18

Civil Commissioner
Baghdad


Baghdad Times No. 149 Dated 28.2.18

Editor Baghdad Times

بەڵگەنامەی ژمارە ٦

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص: 244-259 **المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية**
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



aghdad- 3/3/18

To
Mr. G.S.Stuart
Editor Baghdad Times
Sir

Reference to your letter dated the 28.Feb.18. I beg to submit he necessary informations on the diferent points asked in the above r.

1: Certainly, the published newspaper would be more interesting t was containing after a short " article de fond "showing British gov ent kind intentions or acts, some miscelaneous small news about actua s dealing with Kurdistan and its peoples daly life, poetry and history ferent districts of Kurdistan.
of the idea that one, twice biger paper well preperd, will make more t than tow per week.


2: At each district of Kurdistan, the language is spoken in a dif t dialect, but for its central position and historical reasons I thing dialect of Soleimanieh is better understood than others at all round of istan.
t is impossible to publish a newspaper in each of those dialects Soleim 's must be prefered, unless you are specially interested only with a deter ted district of Kurdistan.

3: In a century like our's I thing usless to insist to prove again ecessity and importance of the propaganda. I only want to point out that ill make realy a bad effect if Governement seases publishing of this paper.

You made me realy obliged indeed giving me the opor y of communiquiting my opinions on your very valable paper, and beg to be used for my English writing.

faithfully yours

بەڵگەنامەی ژمارە ٧



3772

5th March 1918

Editor Baghdad Times,
Baghdad.


Your 159 March 4th. I quite agree as to the weekly paper and would be glad if you would give effect thereto: it might be printed on art paper with good illustrations. It is most important that these should be selected with due regard to the people for whom they are intended: a majority of those now being published can convey little or nothing of interest. Portraits of local notables or places of interest are better than isolated snapshots of scenes in France.

Capt., I.A.,
Offg. Civil Commissioner.

بەڵگەنامەی ژمارە ٨


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



449

19089
51/9

C. G. S. 12th September,

Your I(p)1423 September 10th.

Present distribution of the Taigishtini Rasti (Kurdish) is as follows :-


| | |
|---|---|
| P.O. Khaniqin | 50 |
| " Mendeli | 20 |
| " Kut | 5 |
| H.M's Consul Kermanshah | 20 |
| Baghdad - Local Notables | 13 |
| A.P.O. Kifri | 10 |
| A.P.O. Tuz | 10 |
| A.P.O. Senna | 20 |

I do not think this edition would be understood further afield.

Lt.Col.,I.A.
Offg: Civil Commissioner.

B.B.D.S.

بەڵگەنامەی ژمارە ٩



51
9

5712.
51/9

Editor, 29th January 9.
Baghdad Times.

The Kurdish paper Tarjishtime Rasti may now be discontinued.


Lt.Col.,I.A.,
Offg: Civil Commissioner.

N.N.S.

بەڵگەنامەی ژمارە ١٠

DOI: **http://dx.doi.org/10.25098/6.3.12**
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



POSTS & TELEGRAPHS. No.

Received here at 15 H.

Sul 27 T

Political Baghdad

28 aaa your 1085 no grave objection abolishing paper mentioned aaa compositor and type would useful here added Baghdad ... Noel

Pol Sul

This form must accompany any inquiry respecting this Telegram.

Telegram.

From - Political, Baghdad.

To - Political, Sulaimaniyah.

No. 1173.

Dated 28-1-19.

176. What about printing machine and all requisite accessories other than type. Do you already possess them?

Political, Baghdad.

بەڵگەنامەی ژمارە ١١


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)